# ڕۆژی "16"ی گوڵان"
# لەنێوان ڕۆژی کۆمەڵکوژییەکەی هەولێری (1997) و
# ڕۆژی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئێراقدا

**شارا شێخانی**
Shara.shexani@gmail.com

**حکومەتی ئێستای ئێراق بەبڕیارێك ڕۆژی "16"ی گوڵان (ئایار)ی کردۆتە ڕۆژی "گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەئێراقدا". ئەمەش لەوەوە هاتووە کە لەساڵی (2003)دا لەناوچەی "محاویل"ی ڕێگەی نێوان بەغدا و بابل گەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە کە تەرمی هەزاران کورد و شیعەی ڕاپەڕیوی (1991) لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەکۆمەڵ لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژراون. ڕێك لەڕۆژێکی وەکو ئەو ڕۆژەدا و لە"16"ی گوڵانی (1997)دا هێزە چەکدارەکانی (پ د ك) لەشاری هەولێر لەیەککاتدا پەلاماری سەرجەم بارەگا و دامودەزگاکانی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK- ڕۆژنامەی "وڵات"، مەڵبەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامیا، یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستانYAJK و خستەخانەی گەریلا بریندارەکان)ی داو لەئاکامی شەڕ و پێکدادان و بەرخۆدانێکی مەزنەوە بەدەیان شۆڕشگێر و گەریلای بریندارو سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەوان و هونەرمەند شەهید و بێ سەروشوێن و دەستگیرکران. بێگومان ئەو پەلامار و شاڵاوەی (پ د ك) بەهاوکاری و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێمی تورکیا ئەنجامدرا. تا ئێستاش نازانرێت چارەنووسی ئەو دەیان کەسە چییان بەسەر هات، لەنێوان شەهید و بریندار و بێسەروشوێنکردندا تا ئێستا چارەنووسیان ونەو دیارنییە، ئەگەر شەهیدکراون لەکوێ و چۆن نێژراون؟ ئەگەر گیراون لەچ زیندانییەکی نهێنیدا گیریانخواردووە؟ چۆن شوێنبزرکراون کەس نایزانێت، مەگەر تەنیا ئەو چەکدار و بەرپرسە باڵایانەی (پ د ك)کە لەهێرشەکە بەشداربوون بزانن چیان لەو دەیان کەسە کردووە، کەژمارەیان نزیکەی سەد کەسێك دەبێت.**

**من نازانم داخوا ئەمە تەنیا ڕێککەوتنێکە و بەس کە "ڕۆژی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لەئێراقدا" ڕێککەوتی هەمان ڕۆژی کۆمەڵکوژییەکەی هەولێرە، کە لەساڵی (1997) بەدەستی هێزە چەکدارەکانی (پ د ك) ئەنجامدرا، یاخود ئەو ڕێککەوتەی نێوان ئەو دوو ڕووداوە مەغزایەکی شارەوەی خۆی هەیەو گوزارشت لەوەدەکات کە ئەوانەی ئەمڕۆ لەئێراق و باشووری کوردستاندا دەسەڵاتدارن ئەوانیش کۆمەڵکوژیان ئەنجامداوەو لەمەودواش ئەگەر پێویست بێت دیسان ئەنجامی دەدەنەوە، ئەمەش پێویستە وەك "ڕۆژێکی یادکردنەوە" لەزاکیرەو یادەوەری گەلانی ئێراقدا بچەسپێ و بمێنێتەوە؟!.**

**هەرچۆنێك بێت" هەم ڕۆژی "ڕۆژی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لەئێراقدا" و هەمیش "ڕۆژی کۆمەڵکوژییەکەی (1997)ی هەولێر" کەهەردووکیان لە(16)ی گوڵان (ئایار)دا بەیاد دەهێنرێتەوە، لەناوەڕۆکدا یەك واتاو یەك مەغزایان هەیە، ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کەوا ڕژێمی بەعس لەدژی گەلانی ئازادیخوازی ئێراق بەبێ جیاوازی ئەنجامیدا و لەئاکامدا لە(16)ی گوڵانی (2003)دا گەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵ لەناوچەی "مەحاویل" دۆزرایەوە، هەروەها ئەو کۆمەڵکوژییەی کەوا چەکدارەکانی (پ د ك)ش بەهاوکاری هێزە سەربازییەکان و دەزگا ئیستیخباراتی و بەکرێگیراوەکانی تورکیا لەدژی شۆڕشگێران و بریندارن و هەوادارانی پەکەکە و هونەرمەند و ڕۆژنامەوانان و چالاکڤانانی ژنان و لاوان و سیاسەتمەدارانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئەنجامدرا، لەبنەڕەتدا هەردوو ڕووداوەکە بۆ یەك ئامانج ئەنجامدراون ئەویش دژایەتیکردنی ئازادیخوازانە. ئەو زیهنییەتەی هەموو خاکی ئێراقی کردە مەنزڵگای گۆڕەبەکۆمەڵەکان، هەر هەمان ئەو زیهنییەتەیە کە لەهەولێریشدا و لە(16)ی گوڵانی (1997)دا کۆمەڵکوژییەکی مەزنی ئەنجامدا، ئەو زیهنییەتەش زیهنییەتێکە بەشێوەیەکی ڕەها دژ بەئازادی و دیموکراسی و هەر**

گۆڕان وەرچەرخانێکە، جا چ چەکدارەکانی رژێمی بەعس بێت یان چەکدارەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ئەو تاوانەیان ئەنجامدابێت، ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی و گۆڕی بەکۆمەڵ سیفەتی هێزە دیکتاتۆر و هەمەجییەکانەو نموونەی ئەمە لەمێژوودا زۆرە.

ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە" دوای رووخانی رژێمی بەعس شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان دۆزرانەوە، کەچی دوای تێپەڕبوونی دەساڵ بەسەر کۆمەڵکوژییەکی (16)ی گوڵانی (1997)ی هەولێر تاکو ئێستاش نازانرێت قوربانیانی ئەو کۆمەڵکوژییە لەکوێ نێژراون؟ ئەگەر شوێبزریش کراون داخوا لەکوێ شوێنبزرکراون؟! ئەمە سەرەڕای ئەوەی بنەماڵەو کەسوکاری ئەو کەسانەی لەو کۆمەڵکوژییەی هەولێر چەندین جار بەکۆمەڵ یاداشتنامەیان داوەتە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و بەرپرسەباڵاکانی (پ د ك) بۆئەوەی چارەنووسی کچ وکوڕەکانیان پێبڵێن. کەچی هەر وەڵامیشیان نەداونەتەوەو خۆیان لێبێدەنگ کردووە..

تۆ بڵێی کەی چارەنووسی قوربانیانی هێرش و پەلامارەکەی (16)ی گوڵانی (1997)ی هەولێر ئاشکرا دەبێت؟ تۆ بڵێی کەسێك هەبێت ویژدانی بجوڵێت و دلێرانە چارەنووسی قوربانیانی کۆمەڵکوژییەکەی (16)ی گوڵانی (1997)ی هەولێر ئاشکرا بکات؟ تۆ بڵێی کەسانی بەویژدان لەنێو (پ د ك)دا هەبن و سەرەداوێکی چارەنووسی دەیان کەسی قوربانی کۆمەڵکوژییەکی هەولێر بدرکێنی؟ تۆ بڵێی...؟

من بەم بۆنەیەوە بانگەوازی لەسەرجەم رۆشنبیران و رۆژنامەوانان و رێکخراوە مەدەنییەکانی مافی مرۆڤ لەکوردستان و جیهان و بەتایبەتی **رێکخراوی چاك**(**CHAK** ) دەکەم کە هەوڵێك لەپێناو ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو کەسانە بدەن کە لەکۆمەڵکوژییەکەی هەولێردا بێسەرو شوێن بوونە، تاکو دڵی دایك و باوك و کەسوکارەکانیان کەمێك، تەنیا کەمێك ئارام ببێتەوە....